ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# هونەرمەند ئەمین نادر چالاکیەکانی خۆی بەردەوام دەکات




سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەند **ئەمین نادری** سترانبێژ بە هەفتەنامەی رۆژی گەلی راگەیاند، دوای ئەوەی کە ئەمساڵ بە سەرکەوتوانە ئاهەنگی جەژنی نەورۆزی لە وڵاتی هۆڵەندا گێڕا، لەبەرنامەی دایە کە ئەم هاوینە چالاکیەکانی خۆی چڕتر دەکاتەوە، دەیەوێ بە شێوەیەکی ئەکتیڤتر بەشداری لە ئاهەنگ و بۆنە کوردیەکاندا بکات، بەو مەبەستەشەوە رۆژی ١٤-٦-٢٠٠٨بەشداری لەو ئاهەنگەکدا دەکات کە پارتی دیموکراتی کورد لە سوریە لە شاری ئارنهێمی وڵاتی هۆڵەندادا بەرێوەی دەبات.

سەرچاوەکە ئاشکرای کرد کە هونەرمەند ئەمین نادر بە هاوکاری چەند هونەرمەندێکی دیکە ساڵیادی دامەزراندنی ئەو پارتە کوردیە پیرۆز دەکەن و شەو ئاهەنگێکی هاوبەش بەرێوە دەبەن. دوای ئەوەش لەبەرنامەی دایە کە سەردانی رۆژئاوای کوردستان بکات و رۆژی ١٧-٧-٢٠٠٨ لە شاری قامیشلۆ ئاهەنگێک ساز بکات.

جێگەی ئاماژەیە کە هونەرمەند ئەمین نادر ساڵی ١٩٧٦ لە شاری دێرەک لە رۆژئاوای کوردستان چاوی بۆ ژیان کردۆتەوەو ساڵی ١٩٩٣ دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە و لەو ساڵەشدا لەگەڵ تیپی **ئاهین** یەکەمین بەرهەمی خۆی بڵاوکردۆتەوە و تا ساڵی ٢٠٠٢ لە نێو خۆی وڵات درێژە بەکاری هونەری دەدات و دوو کاسێت بەرهەم دێنێ، دواتر لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢دا بەمەبەستی دۆزینەوەی هەوارێکی ئارام، روو لە ئەوڕوپا دەکات و لە وڵاتی سوێد نیشتەجێ دەبێ. ئێستا لەگەڵ هاوسەرو دوو منداڵەکەیدا لە شاری تۆتۆبۆری وڵاتی سویددا دەژی، ساڵی ٢٠٠٧ ئەلبومێکی نوێ بڵاو کردەوە کە ١٢ تراکتی لەخۆی گرتبوو، گۆرانیەکانیش بریتی بوون لە 'ئەیسۆ، روکەنا من، هەری نارێ، وەرە وەرە، کنامن رندکە، هێژاییێ، هینارە، حەسرەت، رۆنیا ئەیوانێ، هەیلێ رندێ و بیلم' لەلایەن کوردستانیانەوە پێشوازێکی گەرمی لێکرا، بەوهۆیەشەوە دڵگەرم بووە تا بەرهەمی باشتر پێشکەش بکات و خزمەتی زیاتری هونەری کوردی بکات.

# نیاز شەیدا کلیپێکی نوێ بەرهەم دێنێ

هەواڵەکان ئاشکرایان کرد کە هونەرمەند **نیاز شەیدا** لە وڵاتی **هۆڵاندا** کلیپێکی نوێی بەرهەم هێناوە.

**بۆنی هەڵاڵان** دواین کلیپی هونەرمەند نیاز شەیدایە کە لە ئاوازی فۆلکلۆر و مۆزیکی کارزان کامیلە، هونەرمەند ڤیان کەمال کاری سیناریۆ و دەرهێنانی بۆ ئەنجام داوە، کۆژان و کۆژین کاری نواندنیان بەجێهێناوە، ئەرکی وێنەگرتن و مۆنتاژ لە 'شۆخان – فیلم'، مەسعود ئەبوبەکر کاری یاریدەدەری کامێراو ڕووناکی ئەنجام داوە و سەنگەر محەمەد شۆخان کاری وێنەگرتنی بەجێ گەیاندووە.

بەگوێرەی سەرچاوەکانی هەواڵ ئەم کلیپە بە شێوازێکی زۆر پرۆفیشناڵ وێنەی لێ هەڵگیراوەتەوەو کاری مۆنتاژیشی بۆ دەکرێ و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا بڵاو دەبێتەوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئێستا بازاڕی کلیپ و بەرهەمهێنانی ئەلبوم لەلایەن هونەرمەندانی کوردستانەوە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، بەتایبەتیش کە ئێستا کێبەرکێ لەسەر باشترین کلیپ و ئەلبومدا لە ئارادایە، وێڕای ئەوەی کە کورد بۆ خۆی ئەزموونی کەمی لەگەڵ کلیپکردن و بەرهەمهێنانی ئەلبومی مۆدێن دا کەمە، بەڵام دیسانیشەوە بەهۆی هونەرمەندانی بیانیەوە خەریکە دەستکەوتی گەورەی بە نسیب دەبێ.

# چەند هەواڵ لە جیهانی هونەرەوە

**هونەرمەند** ئەژدەر وەهبی ئاشکرای کردووە کە هەژدە گۆرانی ئامادەکراوی هەیەو لە دهاتوویەکی نزیکدا هەندێکیان دەخاتە بازاڕەوە.

**عەزیز** وەیسی گۆرانیبێژ چەندین شەو ئاهەنگ لە شارەکانی وڵاتی سوێد دا بەرێوەدەبات. رۆژی ٦-٦-٢٠٠٨ ئاهەنگێکی لە چێشتخانەی دیدار لە ستۆکهۆڵمی پێتەخت سازکرد، لە رۆژی ٧-٦-٢٠٠٨ لە سۆلنهالنی ستۆکهۆڵم ئاهەنگێکی گەورەی پێکهێنا، هەروەها بڕیاروایە رۆژی ١٤ی حوزەیران لە شاری یۆتۆبۆری وڵاتی سوێدو رۆژی ٢١ی حوزەیرانیش لە شاری ئۆسلۆی وڵاتی نۆرویژ ئاهەنگ ساز بکات.

**دڵنیا** قەرەداغی و **دەلال** زاخۆیی گۆرانی و کلیپێکی هاوبەش بەرهەم دەهێنن، تۆژی دزانی ئەو گۆرانیەیە کە هەردووکیان بەیەکەوە دەیڵێن و لەداهاتوویەکی نزیکدا بڵاو دەبێتەوە.

**سینەماکاری** کورد هونەر سەلیم لە دوای سەرکەوتنە بەردەوامەکانی، ئەمجارەیان توانی خەڵاتی تارکۆڤشکی لە مۆسکۆ وەربگرێ.

بەگوێرەی هەواڵەکان رۆژی ١-٦-٢٠٠٨ هونەرمەند هونەر سەلیم لەلایەن ڤێستڤاڵی ئەندرێ تارکۆڤشکی کە لە مۆسکۆی پێتەختی وڵاتی روسیا بەرێوەچوو، خەڵاتی تارکۆڤشکی پێبەخشرا.

**ئەیاد** حوسێنی گۆرانیبێژ بەنیازە لە شاری کەرکوک دا کلیپ بۆ گۆرانی کەرکوک و زەماوەند بکات، کە لە ئەلبومی ساڵی ٢٠٠٧دا بڵاو کرابوونەوە، بەڵام کلیپیان بۆ نەکرابوو.

## تابلۆ



**ئەحمەد کەریم**

دوێنێ داوات لێ کردم
کە بەوشە وێنەت بکێشم...
مەگەر لە جیاتی بۆیە فڵچەی
دەستم لە خوێنم هەڵ کێشم...
تابلۆی جوانیت چۆن بخەمە ناو
چوارچێوەی خەیاڵم...
کەلە خۆم خۆشترم ئەوێ ی
تاکە چرای ڕوناکی ماڵم...
دەستم،چاوم.هەناسەم
لێوم،هەموو وێنەتە...
بۆ وێنەت بکێشم کە
دڵ جێگەتە

ahmad_ahmed@gemail.com

# دوای ٥٥ ساڵ ئاواتێکی ئارام تیگران دێتەدی

جێگەی ئاماژەیە کە تا ئەم ساڵانەی دوایش فەرمانڕەوایانی تورکیا رێگەیان نەدەدا کە خەڵکی تورکیا گوێ لە دەنگی ئارام تیگران بگرن، ئەو وەک هونەرمەندێکی کوردو دۆستێکی پارتی کرێکارانی کوردستان ناسرابوو، بە شداری لە ئاهەنگ و بۆنەکانی پەکەکەو کوردستانیاندا دەکرد، زۆربەی جاران لە رێگەی کەناڵی ئاسمانی **مەدتی ڤی** و **رۆژ تی ڤی** دا سڵاو و رێزی خۆی بۆ گەریلاکان و بۆ سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان دەنارد، بەوهۆیەشەوە چوونەوە وڵاتی لێ قەدەغەکرابوو، ئەگەر وەگیر بکەوتایە زیندانی دەکراو سزا دەدرا، بەڵام وەک خۆی گوتەنی زۆر خۆشحاڵ بووە کە لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا بە زێدی باپیرانی شاد بۆتەوەو بۆ کوردستانیان دەسترێ و هاودڵیان لەگەڵدا دەکات، خەڵکی ئامەدیش وەفاداریان بۆ نواند و زۆر بە گەرمیەوە پێشوازیان لێکردو باوەشیان بۆ گرتەوە. تەنانەت لەیلا زاناو عوسمان بایدەمیرو دەیان سیاسەتمەداری دیکە ستایشیان کرد.

راستیەکەی ئارام بە دەنگە بەسۆزەکەی رۆڵی بەرچاوی لە زیندووکردنەوەی گەلی باکوری کوردستاندا هەبووە، بەو هۆیەشەوە شیاوی هەمو رێزلێگرتنێکە.



ئارام تیگران گۆرانیبێژی ناودار، دوای ٥٥ ساڵ دووری و دابڕان بە زێدی باب و باپیرانی خۆی شاد دەبێتەوەو لە شاری ئامەددا لەنێو پێشوازێکی شایانەدا، بەشداری لە هەشتەمین ڤێستڤاڵی شارەکەدا دەکات، لەپێش وێنەی ئەحمەدی خانی رادەوەستێ، بە دەنگ دەسترێ و لە دڵەوە دەگریێ.

لەهەشتەمین ڤێستڤاڵی چاندو هونەری شاری ئامەد، سترانبێژی ناودار، ئارام تیگرانی ئەرمەنی حەسرەتی دڵی خۆی هەڵڕشت و بە هەردوو زمانی کوردی و ئەرمەنی کە جاران قەدەغەبوون، گۆرانی گوت، ئامادەبووانی لە خەم و خۆشیدا هەڵکێشا، هەم خەمگینی کردن، هەمیش جۆش و خرۆشی پێدان و بە سەمای خستن.

# لە میونشن هەفتەی فیلمی کوردی بەرێوە دەچێ

لە نێوان رۆژانی ٣ تا ٧ی حوزەیرانی ئەمساڵ هەفتەی فیلمی کوردی لە شاری میونشنی ئەڵمانیا پێکهات.

لە هەفتەی فیلمی کوردیدا، کیلۆمەتر زیرۆ، کیسەڵەکان دەفرن، کلۆس ئەپ کوردستان و دۆڵ پێشان دران.

بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردن بە چاندو هونەری کوردی، کۆمکار (یەکێتی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە ئەوڕوپا) هەفتەی فیلمی کوردی لە شاری میونشن، کە شارێکی گەورەو ناوداری وڵاتی ئەڵمانیایە پێکهێنا.

جێگەی ئاماژەیە هەوەک بەرنامەڕێژیان بۆ کرابوو، بەم شێوەیە فیلمەکان پێشانی ئەویندارانی فیلم و هونەری کوردی دران:

سێ شەممە، ٣ ی حوزەیران، فیلمی کیلۆمەتر زیرۆ بەرهەمی هونەرمەند هونەر سەلیم، پێشاندرا.

چوارشەممە، ٤ی حوزەیران، کیسەڵەکانیش دەفرن، بەرهەمی هونەرمەند بەهمەنی قوبادی پێشاندرا.

پێنج شەممە، ٥ی حوزەیران، فیلمی دیکۆمێنتی کلۆز ئەپ کوردستان کە بەرهەمی هونەرمەند یوکسەل یاڤوزە پێشان درا.

هەینی، ٦ی حوزەیران، فیلمی دۆڵ کە ئەویش لە دەرهێنانی هونەرمەند هونەر سەلیمە پێشان درا.

جێگەی ئاماژەیە کە کۆمکار ساڵانە لەرێگەی چالاکیە هونەری و رۆشنبیری و سیاسیەکانی خۆیدا هەوڵ دەدات کە کێشەی کوردستان و ناسنامەی کوردبوون بە رای گشتی وڵاتانی ئەوڕوپا بناسێنێ، ئێستا دەیەوێ لە رێگەی هونەری سینەماوە، بەتایبەتیش ئەو فیلمانەی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بچێتە ناو ماڵی رای گشتی ئەوڕوپا، چاوەڕوانی پێشوازیلێکردنی زۆرە. بەوهۆیەشەوە سەرەتا بە کوردستانیانی نیشتەجێی ئەوڕوپایان ئاشنا دەکات.




# ژوانگە

## چەند دڵۆپێک!

### سێیەم: رێپێوانی زۆرەکی

لەسەردەمی رژێمی بەعس، لەو یادانەی کە بەنێوی حزبی و نیشتمانیەوە بەرێوەدەچوون، خەڵکی خۆیان دەدزیەوەو نەیاندەویست بەشداری لەو رێپێوانانەدا بکەن، هەربۆیە بەرپرسانی دامودەزگاکان بەزۆرەکی خەڵکیان راپێچ دەکرد، ئەوەی بەشداریشی نەکردایە، سزا دەدرا. بە زۆرەکی فێرخوازانی فێرگەو زانستگەکان کۆدەکرانەوەو رێپێوانیان پێدەکرا. بەزۆرەکی فەرمانبەرانی فەرمانگەو بەرێوەبەرێتیەکان دەهێنرانە سەر شەقامەکان، هەندێکجار خۆپێشاندەران و رێپێوەران گاڵتەیان دەکرد، سلۆگانەکانیان دەگۆڕی و بە ئارەزووی خۆیان قسەی سەیرو سەمەرەیان ریز دەکرد، هەندێک هەر نەشیان دەزانی بۆچی هاتوون، ئامانج چیە وچی دەڵێن؟! لەبیرمە جارێکیان کە بەزۆر فێرخوازانی زانکۆ کۆکرابوونەوە، بەعسیەکان هوتافیان دەکێشا و دژی حافز ئەسەد قسەیان دەکردو جنێویان دەدا، فێرخوازەکانیش لەنێو خۆیاندا کربوویان بە گەرەلاوژەو دەیانگوت: ' **هاوتای ئەسەد ئەی جەبان، گەوادی ئاخر زەمان**'

ئەوێ رۆژێ کاربەدەستان و بەرپرسە حزبیەکان زۆر باش درکیان بەو راستیە دەکرد، بەڵام لە راپۆرتەکانیاندا باسیان لە حەماسەتی جەماوەر دەکردو وایان پێشان دەدا کە ئەو خەڵکە لە خۆشەویستی بۆ حزب و بۆ سەرکردەوە، بۆخۆی هاتۆتە سەرشەقامەکان و بۆخۆیشی لافیتەی نووسیوەو هوتافەکانیش هەر بۆ خۆیان دایان ناوە!! کەچی هەموو خەڵک دەیانزانی کە پێشتر رێکخراوەکانی حزبی لافیتەیان دەنووسی، هوتافیان ئامادە دەکرد، چاویان لە خەڵک سوور دەکردەوەو ناچاریان دەکردن بەشداری بکەن و خۆیان نەدزنەوە، ئەگەر بشیان زانیبایە کەسێک خۆی شاردۆتەوە، ئەوە سزایان دەدا، هەندێکجار گرتن و ئەشکەنجەشی لێ دەکەوتەوە. ئەوێ رۆژێ کوردستانیان لە دڵەوە رقیان لە بەعس و رژێمی داگیرکار بوو، زۆر ئاسایی بوو ئەگەر بەشداری لە بۆنەو یادەکان نەکەن و خۆیان بدزنەوە، بەڵام دەبێ ئەم پرسیارە لە خۆمان و لە بەرپرسانی حزبە کوردستانیەکان بکەین: ' ئایا بۆچی ئێستا خەڵک نایانەوێ بەشداری لەو بۆنانەدا بکەن، هەوڵی خۆ شاردنەوە دەدەن و بەرپرسانیش بە زۆرەکی راپێچیان دەکەن؟!'

وەڵامی ئەم پرسیارە هێندە سووک و ئاسانە کە هەموو کەسێک دەیزانێ، سەرچاوەی لەو دیوارەوە گرتووە کە لەنێوان دەستەڵات و جەماوەردا دروست کراوە. باشە ئەگەر وانیە با تەنیا جارێک بەرێوەبەرە حزبیەکانی فێرگەکان، مامۆستا حزبیەکانی زانستگەکان، هەواڵچن و دەمراستی حزب لە فەرمانگەکان گوشار نەخەنە سەر خەڵک، ئەوسا بزانین چەند کەس لەو بۆنە حزبیانە بەشداری دەکەن؟!

باشە ئەگەر بەرێوەبەری فێرگەکان کە ئەندامانی حزبی دەستەڵاتدارن داوا لە فێرخوازان نەکەن، ئایا ئەوان تا چەند ئاگایان لە بۆنەکانی حزبی هەیە؟! ئایا ئەوان حەز دەکەن کە وانەکانیان لەکیس بروات و بە گەرماو سەرما بێنە سەر شەقامەکان و چەپڵە بۆ حزب و سەرکردەکان لێبدەن؟!

ئەگەر بەرێوەبەری فەرمانگەکان کە هەموویان ئەندامی دڵسۆز و باوەرپێکراوی حزبی دەستەڵاتدارن، داوا لە فەرمانبەران و کارمەندان نەکەن کە بەشداری لە بۆنە و یادەکانی حزب بکەن، ئایا ئەو فەرمانبەرانە کە زۆربەیان گلەیی و گازاندەیان لە مووچەو بژێو و خزمەتگوزاری هەیە، ئایا هێندە پەرۆشن کە بەئارەزووی خۆیانەوە لافیتە بنووسن و بێنە سەرشەقامەکان، لە ناخەوە حزب و سەرکردە شاباش بکەن؟!

**رێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com